ئەفسانەی "خەباتی چەپ"ی نەتەوەیی" و ئاستەنگەکانی بەرژوەندی ناسیونالیزمی چەپ-3-.. سابیر محەمەد

بەشی کۆتایی

سەرتای ئاشنابوونی نیپال بە باسی کۆمۆنیستیەکان ئەگەڕێتەوە بۆ ساڵەکانی 1930 بەدواوە، ئەویش پاش بڵاوبوونەوەی نوسراوە کۆمۆنیستیەکان لەلایەن کادرانێکی سەرکی وەک (جانجالا شریستا- Gengalal Shrestha [٦] و (داشرات تشاند – Dashrath Chand Thakuri)، کە ئیلهامی سیاسیان لە بزووتنەوەی سەربەخۆبوونی هندستان و گۆنگرەی میللی هندستان وەرگرتبوو، وە لە درێژەی ئەم خەباتەدا لە ساڵی 1941 لەگەڵ دوو هاوڕێیانی تریان لە سێدارە دران .

بۆگومان وەک پێشتریش ئاماژەمان بۆ کردووە کە بەرنامەی سیاسی پارتە ماویەکانی نیپال و ناوچەکە، لەسەر بنەمای ئەپێزیسیۆنی بەرژوازی نیشتمانی دژ بە هوکاری هوکشی فەرمانڕەوایەتی ژێمی پاشایەتی دامەزراوە، کە خۆی لە گۆڕینی سەرانی حاکمڕەواکان و شێوەی حوکمڕانیدا ئەبینیەوە.

ئەوەی شایانی باسە خەباتی ئەپێزیسیۆنی بەرژوازی، خەباتێک نیە دژ بە بنەمای ئابووری و سیاسی ژێمی سەرمایەداری، بەڵکە جۆرێکە لە ئیفەرمیزمی میللی .

لەسەر ڕەشنایی ئەم بنەما سیاسیانە، ئەوەبوو لە ساڵی1950 (پارتی کۆنگرەی نیپال – NC) ، لە ئەنجامی یەکگرتنی (پارتی دیمۆکراتی نیپال – NDC) وە (کۆنگرەی میللی نیپال- NNC) پێکهات .

وە ئامانجی سەرەکی تەواوی ئەوبزووتنەوە هەوتە سیاسیانەی کە ناڕازایەتی و هەڵچوونە جماوەریەکانیان ڕابەرایەتی کردووە، کۆتایی هێنان بوو بە دەسەڵاتداریەتی ڕەهای بنەماڵەی پاشایەتی (ڕانا – Rana Dynasty) یەکان بوو، کە لە نێوان ساڵەکانی نێوان (1846-1951) دەسەڵاتی سیاسی وڵاتی نیپالیان بەدەستەوە بوو.

گرچی دوای کۆتاییهاتنی قۆناغی دەسەڵاتداریەتی ڕەهای بنەماڵەی (ڕانا – Rana Dynsty)، خودی ژێمی سیاسی پاشایەتی کۆتایی نەهات و

تا ساڵی 2008 ئەم ژەمە سیاسیەی پاشایەتی هەربەردەوام بووە، وەک هەندێک گەلانکاری لاوەکی تیایدا .
لە درێژەی ئەم هەلومەرجەدا و بە نهێنی لە 22. 9. 1949، دا پارتی کۆمۆنیستی نیپاڵ(CPN) لە لایەن (پوشپا لال شیریستها – Pushpa Lal Shrestha و چەندین لە هاوڕێانی تری دروستکرا، ئامانج دوای لە سەدارەدانی براگەورەکەی بەناوی (جانجالال شریستا – Gengalal Shrestha) لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی تری کە پێشتر ئەندامی بزووتنەوەی (نیپاڵ براجا باریشاد) بوون، کە خەباتیان ئەکرد لە پێناو کۆتایی هێنان بە ژەمی پاشایەتی و ئەو سیستەمەی کە لەوکاتانەدا لە ئارادا بوو بەناوی سیستەمی
(پانشایات-Panchayat).)
بەڵام بەهەی دروست بوونی جیاوازی بیروبۆچوونی فکری لە ماوەی نێوان ساڵەکانی نێوان (1960- تا 1990)، سەبارەت بە هەڵوێستگرتن لەبەرامبەر ژەمی پاشایاتی و هێزوهاوپەیمانێتی چوونە ناو کوالیسیۆن و یەکگرتن لە ناو پارتەکانی تردا ، بە نموونە لە ساڵی 1962 دا جیاوازیەکانیان سەبارەت بە هەڵوێستگرتن لەبەرامبەر (پارتی کۆنگرەی میللی نیپاڵ)و لە ئەنجامدا جیابوونەوە ڕوویدا و دابەشبوون بەسەر دوو لایەندا ، لایەنێک لایەنگری چین و ماو تسی تۆنگ بوون، لاکەی تریشیان لایەنگری یەکێتی شوورەوی و کۆمۆنتەرنی ستالین بوون، هەر بەم هۆیەوە لە ساڵی 1974 دا فراکسیۆنێک بە ناوی (سەنتەری ناوەندی) لە ناو پارتەکەدا دروست بوو، کە دژایەتی پڕۆسەی هەڵبژاردنەکان و ڕیفراندەمێک بوو کە پاشا ڕایگەیاند .
وە دواتر لە ساڵی 1978 دا پارتی کۆمۆنیستی (مارکسی – لێنینی) بەسەرکردایەتی (شارما ئەلی ومان موهان ئەدیکاری) دروست بوو، کەسەر بە جهانبینی سیاسی ستالین و شوورەوی بوو.
بەڵام لە پاش ساڵی 1990 و بەشداریکردن و یەکگرتنی چەندین گروپ و تاقمی کۆمۆنیستی لەگەڵ پارتی کۆنگرەی میللی نیپاڵدا ، کە بەیەکەوە لە بزووتنەوەیەکی جەماوەریدا کە بە (بزووتنەوەی گەل – Jana Andolan) ناسرابوو ، وە توانیان کۆتایی بە ژەمی ڕەهای پاشایەتی بهێنن و لە شوێنیدا ژەمەکی پاشایانەی "دەستووری و دیمۆکراتی فرە حیزبی" دامەزرێنن .
لە درێژەی ئەم ململانێدا لەساڵی 1991 دا پارتی کۆمۆنیستی (مارکسی – لێنینی) ، لەگەڵ دەستەیەکی دیاریکراو بەناوی (ناوەندی سۆسیالیستی) توانیان یەکبگرن و بەمجۆرە پارتی کۆمۆنیستی (یەکگرتووی مارکسی – لێنینی) (CPN UML) دامەزراند.
لە پاش ئەم یەکگرتنەدا ئەوبوو (پارتی یەکگرتووی مارکسی-لێنینی- CPN UML) سەرکەوتنەکی گەورەیان لە هەڵبژاردنە

پەرلەمانیەکانی ساڵی 1994 دا بەدەستهێنا، وە بەهۆی زریانی دەنگەکانیانەوە لە پەرلەماندا توانیان یەکەمین حوکومەتی بەناو کۆمۆنیستی لە نیپاڵدا ڕابگەیەنن.
بەهۆی ئەم گۆڕانکاری و هێرشە جیاوازی فکری نێوان پارتە سیاسیەکان لەسەر چۆنیەتی بەڕێوەبردنی دەسەڵاتی حوکومەت شێوەکی ناوخۆیی هەڵگیرسا لە سەرەتای ساڵەکانی 1995 تا – 2006 دا درێژەی خایاند.
سەرەتای دەسپێکی شەڕی ناوخۆیی لێوەوە دەستی پێکرد، کە کۆمەڵێک لە ئەندامانی پارتی کۆمۆنیستی یەکگرتووی مارکسی- لێنینی CPN UML، بەسەرکایەتی (پاشاشا پڕاچاندا) جیابوونەوە لە حیزب وئەو ژمارە سیاسی و حوکومەتە دروستکراو نوێیان بە بکرگیراوی وڵاتانی ئیمپریالیستی ناساند و، لە سەرەتای ساڵی 1995 دا پارتێکی نوێان بەناوی (پارتی کۆمۆنیستی نیپاڵی – ماویست – CPN- Maoist) دروستکردو لە 13 .2. 1996 دا بانگەوازی دەستپێکردنی (شەڕی میللی)یان خەباتی چەکداری ڕاگەیاند، چونکە ئەوان پێیان وابوو لەسەر هێشنایی باسەکانی ماوتسی تۆنگەوە ئەتوانن لە ڕێگەی شەڕی چەکداریەوە (کۆماری میللی نیپاڵ) دابمەزرێنن، وە لە گوندەکانەوە هێرش بکەنە سەر شارەکان ودواتر کۆمارێکی دیمۆکراتیک دامەزرێنن.
دواتر لەساڵی 2003 دانوساندن و ڕێکەوتنەکیان ئیمزا کرد کە هێرشە چەکداریەکانیان لەبەرامبەر حوکومەتدا بوەستێنن بە ماوەی ساڵێک، بەڵام ئەم ڕێکەوتنە چەند مانگێکی خایاند و هەڵوەشایەوە، وبەمجۆرە درێژەیان بە قۆناغێکیتر لە شەڕو خەباتی چەکداریداو ئەم هەلومەرجە خوێناویەیان بەسەر چینە چەوساوەکانی نیپاڵدا سەپاند کە نزیکەی (10 ساڵ)ی خایاند و نزیکەی 17000 هەزار لە خەڵکی گوند و شارەکانیان بە کوشتدا و سەدەها هەزار کەسی تریان لە دانیشتوانی گوندەکان ئاوارەو دەربەدەرکرد .
ئەوبوو لەساڵی 2006 لەسەر وەختی دووەمین بزووتنەوەی خرۆشان و ناڕازایەتی گشتی خەڵک لە نیپاڵ، کە بەسەرکایەتی هەر حەوت پارتە سیاسیەکانی ناو وڵاتدا بەڕێوە ئەچوو، وە پارتی کۆمۆنیستی نیپاڵ – ماویستەکانیش بەشێک بوون لەم جووڵە جەماوەریە ، توانیان بەیەکجاری ژمی پاشایاتی بوخەنن و بەمجۆرە (ماویەکان) توانیان ڕێکەوتنامەیەکی بەرفراوانی ئاشتی لەگەڵ سەرانی حوکومەتدا ئیمزا بکەن و هەڵچەکداریەکان تێکەڵ بە سوپای فەرمی نیپاڵ کرد و وەبوون بە بەشێک لە سیستەمی حوکومەانی وڵات، بەڵام سەرباری بوونی ئەم هەلومەرجە شۆشگێڕانەیە و گۆڕینی ژمی پاشایەتی، هەلومەرجی خەیی(ذاتی) کرێکاران و چینە چەوساوەکان و سیاسەتی کۆمۆنیستی

پەلیتاریای شۆشگۆ ئامادە نە بوو بە ووخاندنی یەکجارەکی سەرمایەداری لە نیپال، کە بە ئەقڵیەکی گرنگی بەستنەوەی سەرمایەداری لە چین و هندستان دائنرێت، لە لایەکی ترەوە جیهانبینی دیمەکراتیزمی بەرژوایی و یەفەرمیستە ماوی و ستالینیەکان بەتەواوی لەسەر ئاستی ناوچەکەو جیهان یەسوابوون وەیزبەندی سیاسی و فکری خۆیان دژ بە خەباتی چینایەتی کرێکاران و چەوساوەکان ئاشکرا کرد .
بەنام دوای ئەوە لە ساڵی 2009 دا ماویەکان ناوی پارتەکەیان گۆڕی بۆ (پارتی کۆمۆنیستی نیپال – ناوەندی ماویستەکان-(Maoist CPN) Centre.
دوای ئەم گۆڕانکاریانە قۆناغێکی تازەی یەکگرتن و هاوپەیمانیەتی لە نێوان ئەو دوو پارتە گەورەیەدا هاتە پێش و ئەوکاتە لە ساڵی 2018 دا پارتی (CPN (UML بەسەرکایەتی ک. پ. آولی، و پارتی (CPN Maoist Centre) بە سەرکایەتی پراشاندا، وە لە ئەنجامی ئەم هاوپەیمانی و یەکگرتنەدا توانیان لە هەڵبژاردنە پەرلەمانیەکانی وەاتدا سەرکەوتن بەدەستبهێنن، و بڕیاریان دا پارتێکی نوێ لەژێر ناوی (پارتی کۆمۆنیستی یەکگرتووی نیپال -(Unified CPN بنیات بنێن بەمەبەستی کۆتایی هێنان بە دووبەرەکی سیاسی و پێکهێنانی پارتێکی سیاسی یەکگرتووی خاوەن توانا.
بەڵام هێندەی نەخایاند ئەوبوو لە ساڵی 2021 دا، بەهۆی کێشەی دابەشکردنی پۆستە حوکومیەکان وە قەوارەی دەسەڵاتیان بە پێچەوانەی ئەو بڕیارانەی کە پێشتر لەسەری ڕێکەوتبوون، ئەم یەکگرتنەی نێوان دوو پارتەکە هەڵوەشایەوە، جارێکیتر هەریەک لە آولی و پراشاندا پارتە سەرتایەکەی خۆیان بەهەمان ناوەکانی پێشووی خۆیان سەرلەنوێ زیندوکردەوە.



خەباتی چەکداری و پارلەمانتاریزم

وە تا ئێستاش ئەم دوو پارتە گەورەو سەرکیە لە نیپال لە بازنەیەکی داخراوی ململانێ و یەکگرتنەوەو هاوپەیمانیەتی وجیهانبینی خەباتی چەکداری و سازش و دانوساندن و بەشداریکردن لە دەسەلاتی پارلەمانتاریزمی بەرژوازیانەدا ئەژین و ماونەتەوە، چ لە نێوان خۆیاندا چ لەگەڵ (پارتی کۆنگرەی میللی) ، کە خۆی لە خۆیدا بوونەتە هەشتنەوەی ئاسایەکی ئاگرزو نادیار و پڕ لە ئاشوبی سیاسی لە وڵاتەدا، وە بوونەتە مایەی چەواشە کاری و بەلادابردنی خەباتی دروستی چینایەتی لەو ناوچەیەدا.

بازنەی داخراوی سیستەمی هەڵبژارنی بەرژوازیی پارلەمانی، هەشتا گەورەترین کەڵەکە و ئامرازی خزمەتی وسیاسەتی چەواشەکارانەی بزووتنەوە سیاسیەکانی چەپی ڕیفۆرمیست و پۆپۆلیستیە شۆعبەویەکانی سەر بە ئەردوگای ماوتسی تۆنگ و ستالینیەکان وهەروەها چەپە ڕیفۆرمیستیە کرێکارییەکانی تر کە سەر بە ئەردوگای سۆسیال دیمۆکراسی وڵاتانی ڕۆژئاوان، هەر هەموویان بوونەتە کەسپ وتەگەرەو ئامرازی فریودان و بەلادابردنی ناڕازایەتیە کرێکاری و جەماوەریەکان لە نیپال و وڵاتانی دراوسێ و بگرێ جیهانیش، وە ئەم جارەش دیمۆکراتیزمی بەرژوایی و چەپی ڕیفۆرمیستی ئەم پارتانە لە نیپال شکستی خۆیان لە بەدیهێنەرنی وڵاتدا سەلماند ، وە دەریانخست کە هیچکاتێک ئەوان دەستی چینە چەوساوەکان نین وناتوانن وەک ئالتەرناتیفی ڕاستەقینەی حاکمیەتی سیاسی چینی کرێکارو چەوساوەکانی نیپال و ناوچەکە نین بگرن.

هەروەها سیاسەتی خەباتی چریکی و گەریلایی جوتیارانی ماویەکان وە جیڤارایستیەکان کە لەسەر بنەمای تێوانینی ڕزگارکردنی بەرژوازی نیشتمانی و ئازادی کەڵەکەو جووڵەی سەرمایەی خەمالی، کە لە ژێر

ناوی (خەباتی ڕزگاری نیشتمانی) دا بەڕێوە چوون درێژەی هەیە هەمیشە قازانجی بەرژوازی نیشتمانی و پاڵەمانتاریزمی بەرژوایی بە پشمەرجی سەرکی وەرگرتووە، وە بزووتنەوەی کرێکاران وجوتیارانیان بە شێوەی جەراو جەر سەرکوت وفریودراون وە خەباتی ئەوانیان بەلادا بردوە، بە نموونە سەندیکای کنفدرالیەی سندیکای مەزنی ANTUFE- R سەر بە پارتی (CPN-M) ماویکانە ، وهەمیشە لە ژێر هەژمۆنی بیاڵەکانی ئەواندا کاریان کردووەو کرێکارانیان لە چوارچێوەی سیاسەتکانی خیاندا شتکداوە، کە لە دوا ئەنجامدا سیاسەتکانیان بەدژی بەرژەوەندی خەباتی چینایەتی کرێکاران وە جوتیارانی چەوساوە و هەژارانی گوندکان شکاوەتەوە، وە هەر هەموو ئەم سیاسەتە سازشکارانەیش لە ژێر ناوی پاراستنی یەک ییزی خەباتی نیشتمانی بردەتە پێشەوە.
پارتێ ماویکان بەهەمان چێشنی ئەو وتەیی مارکس کە ئەڵێت (جوتیار تەنها سنووری دەوروپشتی لووتی خۆی ئەبینێت ، لە کاتی کەڵانی زەویکەیدا) ! ، ئەوانیش سنووری نەونەتەوەیی خەباتی چینایەتی پڕۆلیتاریا نابینن و لە چوارچێوەیکی تەسکی ئیفڕمیستی بەرژوازیاندا، کە لە سنووری دامێنی چیاکانی نیپاڵ وە بەشداریکردن لە هەڵبژاردنکانی حوکومەتی وڵاتی نیپاڵدا تەناپەڕێت.



ئەنجامگیریکان وئاستەی خەباتی چینایەتی بزاڤ جەر بەجەرکانی (نەوەی Z)

هەوداکانی ئەم دوایانەی نیپاڵ، وەک سەرەتایەک و بەشێک لە شۆشکی کۆمەڵایەتی دژ بە گەندەڵی و بێکاری و چاوچنۆکی حاکمان و کاربەدەستانی دەوڵەت و چاوچنۆکی سەرمایەدارانی ناوخۆیی و گرانی و

یسوابوونی سیاسەتی یەفەرمیستانەی پارت و هەڵکشاوی کۆمۆنیست و چەپی جۆراوجۆر بەجۆرێکان لەسەر ئاستێکی بەرفراوانی ناوخۆیی و جیهانی، پاڵنەرێکی سەرەکی بوون بەهەڵسانەکی شۆڕشگێڕانەی لەم چەشنە.
نوێی (Z) سەرقافڵەی ئەم خرۆشانە شۆڕشگێڕانەیە بووە ، نەک لە نیپاڵ بەتەنها بەڵکە لە بنگلادش و سریلانکا و کینیاو مەغریب و پەشتریش لە عێراق، بگومان ئەم خرۆشانە جەماوەریە شۆڕشگێڕانە بەتەنها لە چوارچێوەی ئەم و ئەو وەاتاندا نامێننەوە و درێژەشی ئەبێت بەهەی قەیرانی ئابووری وسیاسەتی سەرکوتگەرانەو داگیرکاری ئیمپریالیستی و بەکرێگیراوی بەرژوا خەماڵیەکان و هەڵپەی کۆکەکەی سەرمایەو چەوساندنەوەی هەرچی زیاتری جەماوەرێکی ملیۆنی لە کرێکاران و تونژە چەوساوەکانی تر.
کۆپیکردنەوەی ئەمجارە لە خەباتێک کە پشت بە تەکنەلۆجیا و تەکنیکە مۆدێرنەکان و بەرنامە دیجیتاڵیەکانی تری وەک دیسکەرد و جۆرەکانی تر، بوونەتە دەروازەیەکی نوێی و سیمایەکی پێویستی کۆمەڵایەتیەکان وئامرازێکی هەڵکشتنی شۆڕش و ئاپۆیەنەکانی سەردەمی گۆباچیزمی سەرمایەداری لەسەر ئاستی جیهان .
بگومان بەرنامە دیجیتاڵیەکان و تەنە کۆمەڵایەتیەکان وەک ئامرازێکی بەرهەمهێنان و سەرکوتگەری سەرمایەداری نوێ، لە ژێر کۆنترۆڵ و چاودێری و کۆنترۆڵی خودی ئیمپریالیستەکان و بورژوا ناوخۆییەکاندایە، هەر بۆیە خاڵی وەرچەرخانی سەرەکی کە پێویستە بەسەر ئەم شۆڕشانەدا بێت، ئەوەیە کە جەماوەری ئاپۆیوی لاوان و چینە چەوساوەکان، پێویستە بگەڕێنەوە بۆ سەر بنەما واقیعیەکانی پێوەندیە کۆمەڵایەتیەکانی خەیان لەسەر زەوی وە کەو کۆمەڵە وەڵکخراوە خەجەکانی خەیان لەسەر بەرپاکردنی شۆڕش تاوتوێ بکەن، نەک بەتەنها لەناو بەرنامە دیجیتاڵی و تەنە کۆمەڵایەتیەکاندا، وە ئامادەسازی بۆ پێکهێنانی پارتی سیاسی شۆڕشگێڕی چینایەتی پڕۆلیتاریا لەسەر ڕێشنایی میتۆدی دیالێکتیکیانەی مارکس وبەسوود وەرگرتن لە ئەزموونی خەباتی فکری و سیاسی لێنین.
شۆڕشی تەکنەلۆجیای سەردەم هێندەی تر مرۆڤی کارگەر و تەکۆشەرانی لە جیهانی واقیعی و زیندووی خەیان دابڕیوە، توشی نامۆبوونێکی بوونەی کردون.
ئەوان ئەگەر لە چوارچێوەی ڕێکخراوبوونێکی کاتی و ووکەشیدا هەڵسوکەوت بکەن لە ڕێگەی تەنە کۆمەڵایەتیەکانەوە، بە واتای ئەوە دێت کە مامەڵە لە گەڵ جیهانێکی گریمانەیی (ئیفتراضی) ئەکەن، کە ناتوانێت جێگیر بێت ودرێژەی هەبێت، بەمجارە شۆڕشی دیجیتاڵیزم وەک هەر ئامرازێکی تری سەرکوتگەرانە کار لەسەر هەشتنەوەی نامۆزایەتیەکان ئەکەن کە لە مۆدایەکی دیاریکراوو داخراودا نەچن

بەولاوە، کە خودی بەرژوەندی جیهانی لە پشتاوە بۆتاکردنەوەی ئەو هەلومەرجە شۆشگێڕانەیە سوودیان لێبینیت، وەک بەشێک لە بردنە پێشەوەی سیاسەتی چەواشەکارانەی لێبڕاوەیزمی جیهانی کە بریتیە لە ئۆفسانەی درۆزنانەی (ئازادی بیرو ڕاو ڕەخنەگرتن) ! کە لە چوارچێوەی یاسا و دەسەڵاتداریەتی سیستەمی سەرمایەداری جیهانیدا ئەیانهێنێتەوە.

تێکشکانی دامودەزگاکانی دەوڵەت و سوتاندنی پارلەمانە سەرکوتگەرو بەدناوەکەی دەسەڵاتدارانی بەرژوەندی لە نیپاڵ و شوێنەکانی تر، وە ناچارکردنی دەستکەشانەوەی سەرۆک وەزیران و کابەدەستانی ترلە کارکانیان، هەنگاوێکی گرنگی مەشخەڵی چوونە پێشەوەی ئامادەیی پرۆلیتاریای شۆشگێڕی نیپاڵ و سریلانکا و بەنگلادش و شوێنکانی تر، بەرەو ڕووخاندنی تەواوی بنەماکانی دەسەڵاتداریەتی سەرمایەداری.

بەڵام ئەمە تەنها هەنگاوێکە لە ڕاستای شۆشێکی مەزنتردا، وە ناکرێت بە کەم بگیرێت بۆتایبەت لە شوێنکی وەک نیپاڵ و سریلانکاو بنگلادش کە ڕەنگە بەدوای خۆیدا پڕۆلیتاریای هندستان و چین و پاکستان بهێنێتە سەر سکەی ئامادەکاری پێکهێنانی پارتی مارکسیستی پڕۆلیتاری لەو ناوچانەدا، هەروەک لێنین ئاماژەی پێدەکات:(هەرکەسێک چاوەڕوانی شۆشێکی کەمتایەتی “پاک” بێت، هەرگیز بە بینینی ناژی، کەسێکی ئاوا کە باسی شۆش دەکات لەو تێناگات کە شۆش چییە.) [۷]



بزاڤی تەشرینی (نەوەی Z) ی ساڵی 2019 لە عێراق

لە پەیوەند بە عێراق وهەرێمەوە، یەکێکی تر لە نمونەو جۆری ئەو خەباتەی کە لاوانی (نەوەی Z) لە نیپاڵ و شوێنکانی تری جیهان کە پێی هەستاون، بریتیە لە ڕاپەڕینی تەشرینی ساڵی 2019 لە بەغداو شارکانی ناوەڕاست و باشوری عێراق، کە ئەو کاتە ئەزموونکی

شۆڕشگێڕانەی لەم چەشنەیان نمایش کرد، بەڵام بەهۆی نەبوونی پارتی پێشەوای شۆڕشگێڕی ئەم قۆناغەی سەرمایەداری، وە زاڵبوونی میلی ئیفەرمیستانەو لێبڕاڵی و مەزهەبی و میللی نیشتمانپەروەری لەناو ڕیزەکانیاندا، نەتوانرا ئاراستەی ئەم ڕاپەڕینە شۆڕشگێڕانەیە بەرەو ڕوخاندنی سیستەمی سەرمایەداری و دەسەڵاتداریەتی بۆرژواکان لە عێراق و ناوچەکە.
تێکۆشەرانی سەربەخۆی مارکسیستی لە بەغداو ناوچەکانی تری عێراق، نابێت چیتر بەدەربەستی و خۆشباوەڕیەک نیشانبدەن لەبەرامبەر هێلومەرجێکی لەو چەشنەدا کە کرێکاران و چەوساوەکانی عێراق و لەوانەش هەرێم پێویستیان بە ئامرازی سیاسی شۆڕشگێڕانەی خۆیان هەیە، لە پێناو دژایەتی و ڕیسواکردنی مێژووی حاکمیەتی دەسەڵاتداریەتی لە عێراق وە هەرێم وحیزبە قەومی و لێبڕاڵی و ئیسلامیەکان و میلیشیا شیعەکان و تەواوی پاکێجی سیاسی چەپە ڕیفەرمیستە جۆر بەجۆرەکانی ئەو ناوچەیە.
یەکێک لە دەستخۆشکەکانی پارتێ کۆمۆنیستیەکانی نیپاڵ، بریتیە لە حیزبی شیوعی عێراقی لەروی میلی ڕیفەرمیستی شەعبەوییەوە، کە هەمیشە سات و سەودای لەگەڵ دەسەڵاتدارانی عێراق کردوەو بگرە بشکیش بوون لەم دەسەڵاتە کۆنەپەرستانەیە وە گەندەڵی خۆیان لە گۆڕەپانی سیاسی عێراقیدا هەر لە سەرەتای دروستبوونیانەوە وەک میلەکی ڕیفەرمیستی شەعبەوی کۆمنتەرنی ستالینی نیشانداوە.
هەروەها تەواوی ئەو تاقم و ڕێکخراوە وردەبۆرژوازیانەی تر کە بەناوی پارتەکانی (کۆمۆنیزمی کرێکاری) یەوە کار ئەکەن وەک نمایندەی میلەکی ڕیفەرمیستی کرێکاری سەر بە ئەردوگای سۆسیال دیمۆکراسی وەاتانی ڕۆژئاوا.
گۆشەی سەرمایەداری و پەرەسەندنی خەباتی پڕۆلیتاریا لە هەرێم و ناوچەکانی ناوەڕاست و باشووری عێراق، ناوەرۆکی ووردەبۆرژوازیانەی هەموو ئەم پارت و ڕێکخراوانەی خستەڕوو، وە شانبەشانی (ح.ش) ڕیزبەندی چینایەتی خۆیان لە گەڵ بۆرژوەندیەکانی بۆرژوا-کۆمبرادۆرەکانی عێراق و هەڵبژاردنەکانی پارلەمانی عێراق نیشانداوە، بەتایبەت ئەودوو بەشەی کە پێیوەندیان بە کوردستان وعێراقەوە هەیە.
چونکە بەرنامەی فکری وسیاسی هەردووئەم میلە ڕیفەرمیستیە وئەم جۆرە لە (کۆمۆنیزم) بریتیە لە کۆمۆنیزمەکەی بۆرژوازیانە و ڕیفەرمستانە، ئیترچ میلی شەعبەوی کۆمنتەرنی ستالینی بێت ، یان میلی ڕیفەرمیستی کرێکاری بێت، کە هەردووکیان باوەڕیان بە بنیاتنانی سۆسیالیزمەکی بۆرژوازیانە هەیە لە ژێر چاودێری مەدەرنیزمی نەتەوە یەکگرتووەکان وەک ڕێکخراوەیەکی ئیمپریالیستی

جیهانی.
پارلەمان و پالەمانتاریزم لانەو قۆناغەکانی نیشتمان پەروەری بەرژواکانە بەشداریکردن لە پرۆسەی هەڵبژاردنی پارلەمانی 2025 دا، خۆی لە خۆیدا نیشاندەری ئاشکرا بوونی ناوەرۆکی چینایەتی وردەبەرژوازیانەی ئەم جۆرە حیزبانەیە لەسەر ئاستەکی فراوانتردا، وە بوون بە ئامرازێکی تەواوکەری سووکایەتی بە ژنان وکچان کە لە ناو دەسەڵاتداریەتی پارلەمانی عێراقیدا وەک عورف و یاسای جۆعفەریە مەزهەبیەکان پیادەئەکرێن.
ژنان و کچانێک کە بەشداری لەم هەڵبژاردنانەدا ئەکەن وخەیان کاندید کردووە لەپێناو ئیمتیازاتی شەخسی خۆیان، هیچی تر نین بەجگە لە کەسانێکی گومڕاو وسەرلێشواو و بوون بە پاشکۆی دەسەڵاتداریەتی پیاوسالاری کۆنە ناو پەرلەمان و یاساکانی عێراق و هەرەمدا پیادەئەکرێن،و هەرچی زیاتر زنجیرەکانی کۆیلایەتی وسووکایەتی بە کچان و ژنان پتەوتر ئەکەن.
هەروەها بەشداریکردن لە هەڵبژاردنێکی لەم جۆرەدا لە ژێر ناوی (مارکسیست) بوونەوە، جۆرێکە لە ئۆپۆرتونیزمی بەشەرمانەی خیانەتکارانەی جیهانی وردەبەرژواکان کە پشتریش هەمیشە بەناوی (سۆسیالیزم و کۆمۆنیزمەوە) لە شوێنەکانی تری جیهان یپیادەکراوە.
هەر بیانوویەک بۆ بەشداریکردن لەم هەڵبژاردنەدا لە هەلومەرجێکی وەک ئێستای خەباتی چەکخراوی پڕلیتاریا کە لە دەرەوەی پەرلەمانی بەرژواکاندا لە ئارادا نیە ، جۆرێکە لە هەڵوەستەکی خیانەتکارانەو وکوێنوشێک وسەردانەواندنێکی موریدانەی بەرژوا ئاساییانەیە، کە دژ بە بەرژەوەندی چینایەتی کرێکاران و چەوساوەکانە، هەروەها بەراوردکرنی هەلومەرجی پارتی بەشەفی و تزەکانی لینین سەبارەت بە بەشداریکردن لە هەڵبژاردنەکانی بەرژوازیەدا ، لەگەڵ هەلومەرجێکی ئابووری و سیاسی و بەتایبەت بەراوردکرنی مایلەکی یەفەرمیستی شەعبەوی ستالینی یان مایلەکی یەفەرمیستی کرێکاری لەگەڵ پارتێکی شۆشگێڕی بەشەفی بەسەرکایەتی لینین، کارێکی بێهودەو بیانوویەکی شەرمۆنانەیە بۆ داخزانی یەکجارەکی وعەمەلی ئۆوانە بۆ ناو دامودەزگایەکی سەرکوتگەری چینێ چەوساوەکانی عێراق و پەرلەمانە کۆنەپەرستەکەیان، ئۆویش تەنها و تەنها لەبەر پاراستنی ئارامی ژیان و چالاکی سیاسی وردەبەرژوازیانەی خیانە لەناوچوار چۆوی ئەم سیستەم ودەسەڵاتە نەگریسە قەومی و میللی و مەزهەبیە سەرتاپا کۆنەپەرستانەیدا، وە ئۆوان بەمجۆرە و بە کردەوە ڕایانگەیاند و سەلماندیان کە لەشکری دژە شۆشی پڕلیتاریان کە ڕەنگە لە داهاتوویەکی تردا جگە بە دەسەڵاتداریەتی بەرژوازی لە عێراق و ناوچەکە لێق بکات.

وە بـــوون بە نمـــوونەیەکی نـــوێی تـــر لە ڕیـــزی ئەو پـــارت و چەپ ڕیفۆرمیست و گەندەڵ و دژ بە شۆڕشی کە لە نیپاڵ وەاتانی تردا بوونیان هەیە، کە بەدرێژایی چەندین ساڵە وەک جڵلادی پرۆلیتاریا بەرپرسیاریەتی گەورەیان لە چەواشەکارن و بەلادابردنی خەباتی پرۆلیتاریا لە ئەستۆ گرتووە .



صابر.م
٢٠٢٥ / ١١ / ٥

-_____

[٦] https://en.wikipedia.org/wiki/Gangalal_Shrestha

[٧] https://www.marxists.org/archive/lenin/works/1916/jul/x01.htm